# ماركیز و ژیان

**سەلاح حەسەن پاڵەوان**




گابریال گارسیا ماركیوز لە دواین كتێبی (( ژیام بۆ ئەوەی بیگێڕمەوە)) دەربارەی ژیانی خۆی ئەدوێ هەر لەسەرەتای بیروەوەریەكانیدا نووسیویەتی:(ژیان ئەو ژیانە نیە كە تیایدا ژیاوی،بەڵكو ئەوەیە كە لەبیرتەو چۆنیش ئەو ژیانەت لە یادە بۆ ئەوەی بیگێڕیتەوە).

گەر تەماشای هەر هەشت بەشەكەی بەسەرهاتی ژیانی ماركیز بكەیت ئەبینی بریتیە لە خۆشەویستی و گەڕان و ماندوونەبوون وهەژاری و سەرسەختی و چاوقایمی و وورەبەرنەدان و بەردەوامی و گەڕان و پشكنین و باوەشی گەرم و دڵسۆزی ، لە هەموو بەشەكانی گوێت لەو ژیانە ئەبێت كە پڕن لە بەسەرهاتی كەسێك كە ئەكرێ لە نێو پەڕاوەكاندا كۆیان بكاتەوەو شاكاری مەزنی وەك (( كاتژمێری شوم )) و (( سەدساڵ دورەپەرێزی )) و (( پایزی باوك سالاری )) لێ بخوڵقێنێ ،ژیانێك بە هەموو چەرمەسەریەكانیەوە ئامادەیە، ژیانێك بۆ كەسێك كە هەموو زانستی مرۆڤایەتی كۆئەكاتەوەو بەرەو ئەو جیهانەمان ئەبات كە خۆمان و نەوەكانی ئەویش و نەوەكانی ئەم سەر زەمینەش تێیدا بەشدارن ، چركەیەك لە واقیع دورمان ناخاتەوەو لە هەمان كاتیشدا نایەڵێت لە خەیاڵ بێ بەشبین خەیاڵێك بەهەموو سەیروسەمەریەكەی لە دوڕیانی راستی و خەودایە نە ئەوەتا لە واقیع هەڵبێ و بكەوێتە نێو سیحرەوە نە ئەوەشە بمانخاتە نێو واقیعی رووت وقووتەوە ، جیهانەكانی ماركیز ژیانەكانی ئەون ، گریانەكانی گریانی كچانی ماكواندۆن و پێكەنینەكانی بزەی پیاوە بەتەمەنەكانن ئەوانەی ئەتوانن هەموو تەمەنیان لە كوونی ژورەوەو لە نێو زیندانەكان بەسەربەرن ، ئەو ژیانەی كە بۆمانی ئەگێڕێتەوە سەرچاوەی ئەو ناوبانگیەی ماركیزە. من تێناگەم ئەو ژیانەی كە ماركیزی تیا پەروەردە بووە هەروەك كۆمەڵگاكەی من بێ بەری نەبووە لە خێزانی زۆرو باوكی ماندوو دایكی تەحەمول مەزن و دیكتاتۆرو كوشتن و سیاسیە جامبازەكان و پیاوانی قاچاخ و ژنانی سۆزانی و نووسەرە داماوو بێ پول و هونەرمەندە ئاوارە و قەڵەمفرۆش و شاعیرە دوڕووەكان و نووسەرە زماندرێژەكان ، بەلام ئەوەی من تێ ناگەم بۆچی ئەبێ هەر لە هەمان ژینگەو هەر لە هەمان فەزا دا كەسانی وەك ماركیزو ئەستۆریاس و خوان رۆلفۆوماریۆ فارگاس.. هتد دروست بن و لای ئێمەش دەنگەكان نەگەنە ئەو ئاستەی لە گوێ ی خۆمان بترازێن، ئاخۆ ئەبێت دەردەكە لە كوێدا بێت .

بەسەرهاتی ژیانی ماركیز بەسەرهاتی كەسێكە لە خێزانێكی یانزەمنداڵیدا گەورە بووە، هەر بەشێك لە بیرەوەریەكانی بریتین لە روویەكی ژیانی و بەشێكە لەو نهێنیانەی كە هەڵیان ئەداتەوە ، بۆ نموونە بەشی یەكەمی بەسەرهاتی لاوێتی و دەوروبەری خێزانی لەدایكبوونی خۆیی و بەرپابوونی پەیوەندی خێزانی نێوان باوك و دایكی ، ئەوەی كە زۆر لەم بەشەدا جێگای سەرنجە ئەو كورتە گێڕانەوەی لە دایكبووونی خۆیەتی كە بەم شێوەیە دەست پێئەكات: (( بەمجۆرەو لەوێ یەكەم كوڕ لەو حەوت كوڕو چوار كچە هاتەدنیاوە، رۆژی یەك شەممە مانگی ئازاری 1927، كاتژمێر نۆی سەرلەبەیانی، لەكاتی بارینێ بارانێكی بەخوڕی ناوەخت. منداڵەكە

خەریکبوو بە ناوکی خۆی بخنکێت ، چونکە مامانەکە **سانتووس بییرو** ، لە خراپترین چرکەدا کۆنترۆلی لەدەست دابوو نەیدەزانی چی بکات، بەڵام پورە **فرانشیسکا** هەر بە یەکجاری خۆی لەبیرکردبوو خێرا بەرەو دەرگای دەرەوە بە هەڵەدەوان چووبوو هەروەک یەکێ هەواڵی گڕگرتنێ رابگەیەنێ : "– کوڕە ! کوڕ ـ هەر یەکسەر بەدوایدا هەروەک زەنگی ترسناکی بزەنگێ : **جێنیفەر** بێنن خەریکە ئەخنکێ.)

بەشی دووەم باسکردنی رووداوەگرنگەکانی وولات و ژیانی خۆی و کوشتنی نێو خێزانەکەی و یەکەمین هەوڵی بەرەو هەڵاتن بۆ دەرەوەی ماڵ و گێڕانەوەی کاری رۆژنامەنووسی و هەوڵەکانی سەرەتایی نووسین., هەروەها کاریگەری ئافرەت لە ژیانی ئەوو ئەو فەزا نیمچە ئۆرۆستۆکراتیەو هەروەها بەسەرهاتی ژیانی باپیرەو خاڵوو خاڵۆژن و پورو کارەکەرەکانیانو... هتد.

سەرەتای بەسەرهاتی ژیانی بەوە دەست پێ ئەکات کە چۆن لەگەڵ دایکیا چووە تا ئەو تاکە خانووەی کە لە سەر ئەم زەویەدا شکیان ئەبرد بیفرۆشن:(( دایکم لێی پرسیم تا لەگەڵیا بڕۆم بۆ ئەوەی خانووەکە بفرۆشین. دایکم ئەو سەرلەبەیانیە لە گوندە دورەدەستەکەمانەوە ئەو گوندەی کە باوانم تیایدا ئەژیا هاتبوو بۆبەرەنکویلا**Barranquilla** بەڵام هیچ فیکرەیەکی لا نەبوو کە چۆن بمدۆزێتەوە. لێرەو لەوێ لای ناسیاوەکان پرسیبووی ، ئەوانیش چەند جێگایەکی وەک کتێبخانەکەی **موندۆو** چاخانەکەی ئەو دەوروبەرەیان پێ نیشاندابوو، لەبەر ئەوەی من چەند جارێ چووبومە ئەوێ تا لەگەڵ هاورێ نووسەرەکانما دەمەتەقێیە بکەم. ئەوەی ئەمەی پێ گوتبوو ئاگاداری دایکمی کردبۆوە: ئاگات لە خۆت بێت ئەو هەتیووانە گەلێ سەرشێتن. ئەو دەقاودەق کاتژمێری 12 گەیشتە ئەوێ.لەگەڵ هەنگاوە بەپەلەکەی لە نێوان کتێبەکانەوە لەبەردەمدا قووت بوەوە ، بە پێکەنینێکی نارەزاییانەی سەردەمە چاکەکانیەوە، یەکڕاست چاوی بڕیە نێو چاوم پێش ئەوەی من دەم هەڵبێنم پێی وتم: من دایکتم.

یەکسەر نەمناسیەوە لەبەر ئەوەی شتێک لەودا گۆڕابوو. تەمەنی چلوپێنچ ساڵە بوو.یانزە جار ئاوس ببو، لە کۆیدا نزیکەی دەساڵ سکی هەبووەو بەهەمان ڕادەش بەردەوام هەر ئەو ساڵانە مەمکی بە منداڵەکانی داوە هەر زوو پێش وەخت تەمەنی پیری لێ نیشتبوو، هەردوو چاوەکانی لە پشتی ئەو تاکە چاویلکە جووت عەدەسەیەی کە هەیبوو زۆر گەورەو دەرپەڕیو ئەیانواند، بە جلی تازیەباریەوە کە بۆ داپیرەمی پۆشیبوو زۆر تازیەتبار ئەینواند، بەڵام تا ئێستاش هێشتا ئەو جوانیە رۆمانسیەیی تێدا مابوو کە لەوێنە بووکیەنیەکەیدا ئەینواند....هتد))

بەمجۆرە مارکیز باس لە سەرەتای ژیانی خۆی ئەکات، یەکسەر لە دایکەوە دەست پێ ئەکات، ئەوەی لە م کتێبەدا جێی سەرنجە ئەوەیە کە لێرەوە ئەمانباتەوە بۆ ئەو خانووەی تیایدا گەورە بووە ژیانی نووسەری خۆی تیادا دۆزیوەتەوە. کاتێک کە دایکی ئەیبینی پێی ئەڵێ: من بۆ ئێرە هاتوم تا لەگەڵما بێی بۆ ئەوەی خانووەکەمان بفرۆشین. ئەمە سەرەتای کتێبەکیە ، لەم بەسەرهاتە باس لەو ململانێیە ئەکات کە مارکیز لەگەڵ باوکیا هەیبووە دەربارەی تەواوکردنی خوێندنی. ئەو ئەیویست کوڕەکەی بچێتە دانشگاو بەشێکی تر بخوێنێ لە جیاتی رۆژنامەگەری و ئەدەب ، بەڵام ئەم مەسەلەیە زۆر لەسەری ئەڕواو لە نێوانیاندا ماوەیەک ئەخایێنێت تا بگاتە چارەیەکی کۆتایی بێگومان ئەم جۆرە گرفتانەش جۆرێکە لە پەیوەندی نێوان هەژاری و داهێنان کە لەو جۆرە کۆمەڵگایانەدا مرۆڤ بۆ بژێوی ئەگەرێ لە جیاتی گەڕان بەدووی شتەکانی دیکەدا ، هەر لە نێو ئەو بەلەمە شەقوشڕەی کە مارکیزو دایکی پێی ئەڕۆن بۆ گوندەکەیان تا خانووەکە بفرۆشن گوێمان لە گێڕانەوەی سیفەتەکانی کۆمەڵگای کۆڵۆمبی ئەبێت، باسی باپیرەگەورەی خۆی ئەکات . هەروەها ئەو کەشتیەی کە تیایدا خۆی و دایکی بەرەو **بارانکۆلا** دەبات بەراوردی ئەکات بە وڵاتێکی بێ سەرو بەر کە نەیزانیوە ئاشتی چیە ، تەنیا

ئەو ئاگربەستە کاتیانەی کە لە نێوان هەر هەشت شەڕ و چوار جەنگی ناوخۆو سێ کودەتای سەربازی. کە کۆتایەکەشی (**جەنگی هەزار ڕۆژە**) بوو ئەم جەنگە لەولاتێک کە دانیشتوانەکەی چوار ملیۆنە لە هەردوولا هەشتا هەزار قوربانی خستەوە، مارکیز زۆر تراژیدیانە باس لەم شەڕانە ئەکات و هەروەها لە ڕۆمان و چیرۆکەکانیا کاریگەری ئەم شەڕانە ئەبینین ئەوەندەش کاریگەری هەبووە کە وای لە نووسەر کردووە زۆر بە ڕەشبینیانە بڕوانێتە ئایندەی وولاتەکەی نەک ئەمەش بەشێکی زۆری ئەوانەشی کە لە نێو ئەو جەنگەدا زەرەرمەندبوون بوون بە کەسایەتی چیرۆک و ڕۆمانەکانی هەر بۆیە مارکیز ئەم حاڵەتە ناو لێ ئەنێت بەرنامەیەکی هاوبەش و تەواو تەیار بۆ سەد ساڵ گەڕانەوە بۆ دواوە. هەروەها ئەم ڕووداوە باسکردنی جەنگی ناوخۆیە کە لە نێوان لیبرال و پارێزگاران لە کۆلۆمبیا ساڵی 1886 تا ساڵی 1902 رویداوە پێ ئەچێت باپیرەگەورەی مارکیز و باپیریشی رۆڵێکیان هەبووبێت لەم جەنگە هەر بۆیە دیسان چەند جارێک لە( سەدساڵ دوورەپەرێزیدا) بەدی ئەکەین.

لە باسکردنی بۆ (( ڕووداوی مۆز)) لە کابرایەکەوە دەست پێئەکات هەر لە نێو خودی ئەو شەمەندەفەرەی کە لەگەڵ دایکیدایە باس لە کۆمپانیای مۆز ئەکات ، کابرا ئەڵێت : **کۆمپانیای مۆز ئەگەڕێتەوە**، هەروەها لە بەشێکدا ئەڵێ: ( ئەم مێژووە وا ئەناسم ئەڵێی خۆم لەوێ بووم ، لەبەر ئەوەی هەزاران جار بە حەزێکی بێ وێنەوە گوێم بۆ ئەو ڕووداوە هەڵخستووە ئەوکاتانەی کە باپیرەم بۆی ئەگێڕامەوە: ئەوئەفسەرەی کە بڕیارەکەی خوێندەوە تیایدا هاتبووکە کرێکارە مانگرتووەکان وەک کۆمەڵێک تاوانبار لە قەڵەمدران و: سێ هەزار پیاوو ژن و منداڵ ئەوانەی بەبێ بەزەییانە لەژێر قرچەی گەرمادا و بەبێ جووڵە وەستابوون پاش ئەوەی ئەفسەرەکە مۆڵەتی پێنچ خولەکی پێدان بۆ ئەوەی گۆڕەپانەکە چۆڵ بکەن پاشان لە لایەن سەربازانەوە رووی لوولەی تفەنگیان تێ کراو بە شێوەیەکی بەربەریانە گوولleیان بەسەردا بارانن ، ئەو هەموو ژن و منداڵە لە ترسانا هەموو بەسەر یەکتریدا کەوتن و گرمەژنی گوللە بەسەریاندا دائەباری و بست بە بست بەدوایانەوە ئەیپێکان)) ئەم بەسەرهاتە دیارە کاریگەریەکی زۆری لەسەر هەست و بیری مارکیز هەبووەو لە زۆربەی نووسین و ڕۆمانەکانی ئاماژە بەم ڕووداوە کراوە بۆ نموونە لە ڕۆمانی (( سەد ساڵ دوورەپەرێزی )) و لە (( پایزی باوک سالاری)) .
مارکیز لە زۆربەی رۆمان و چیرۆکەکانیدا باسی دەسەڵات ئەکات ، ئەم تێمایە لای خودی کەسێک کە لە نێو کولتوری کودەتاو دیکتاتۆریەت و هەڵواسین و جەنگی ناوخۆدا ژیابێت، کارێکی ئاساییە،هەروەها کۆمەڵگای ئەمریکای لاتین لەو کۆمەڵگایەیە کە مەسەلەی دەسەڵات رۆڵێکی گەورەی گێڕاوە لە گۆڕینی مێژووەکەیان هەر بۆ نموونە مارکیزلە سەد ساڵ دوورەپەرێزیدا باسی دوولایەنەی ژەنەراڵەکان ئەکات ، لایەنێک پڕ لە توندو تیژی لایەنێک پڕ لە شەڕەنگێزی ، ئەم جۆرە ژەنەراڵ و کۆلۆنێلانە زۆر جار دێنەوە پێشمان هەر لە پایزی باوک سالاریەوە تا ژەنەراڵ لە پێچ و پەناکانی ، وەک کۆلۆنێل ئورلیانۆ و یۆسەی ئەرکادۆو بۆلیفارو ..هتد.. لە هەندێ لە کورتە چیرۆکەکانیدا ئەم دیاردانەش ئەبینین بە تایبەت لە کورتە چیرۆکەکانی نێو کۆمەڵە چیرۆکی ( چاوەکانی شینە سەگێ) .هەروەها لە بارەی (پایزی باوکسالاری) یەوە ئەڵێت: ( من وەکو زۆربەی نووسەرەکانی ئەمریکای لاتین ئارەزووم لە دەسەڵاتە ، لە نهێنیەکا نی دەسەڵات.. کۆمەڵێ کولتوری شارستانی هەن کە بیرکەرەوەو پیرۆزەکان و جەلادو داگیرکەرانی لەگەڵ خۆدا خولقاندووە، تاکە کەسایەتی نوێ کە ئەم کیشوەرەی خولقاندبێت دیکتاتۆرە.)
هەر لەم بەسەرهاتە کە گێڕانەوەی وردودرشتی ژیانی خۆیەتی باس لە یەکەمین دیمەنی کوشتن ئەکات کە بە چاوی خۆی دیویەتی ئەم باسکردنەی زۆر لە باسکردنی لاشەی ئەو هەژارانە ئەکات کە لە بۆ پەیداکردنی نان هێرشیان ئەکردە سەر ماڵە دەوڵەمەندەکان:( ( یەکەمین مردوو بوو کە بینیم، کاتێک سەرلەبەیانی کاتژمێری

حەوت بەرەو قەتابخانە ئەچووم بەلایدا تێپەڕیم، هێشتا لاشەکەی لەسەر شۆستەکە کەوتبوو، لەسەر پەڵە خوێنێکی ووشکەوەبوو، روخساری بە هۆی فیشەکەکەوە زیانی بەرکەوتبوو، فیشەکەکە بەر لووتی کەوتبوو لەوێوە چوبووە ژوورێ و لە گوێیەوە سەری بەجێهێشتبوو. کابرا کراسێکی پیاوانی دەریای لەبەر بوو کراسەکە هێڵی رەنگاوڕەنگی تێدابووپانتۆڵێکی کۆن لە جیاتی قایش بە پەتێک لە نێو کەمەریا شەتەکی دابوو، پێڵاوی لە پێدا نەبوو. لە تەنیشتی لەسەر زەویەکە ئەو کلیلەکەوتبوو کە خۆی دروستی کردبوو ئەو کلیکەی هەوڵیدابوو خانووەکەی پێ ببڕێ.)) کە باسی **لویسا سانتیاگای** دایکی ئەکات من بەڕاستی هەر دایکێکی کوردی سادەم وەبیر ئەکەوێتەوە.. منداڵی زۆر ، خێزانێکی هەژار ، نائومێدی خێزانی ، گرفتی منداڵ و خوێندن....هتد.

نەک ئەمەش باوکیش هەر بەوجۆرە ئەیەوێ کوڕەکەی ببێ بە دکتۆرو بازرگان بەڵام کوڕیش دژ بە تەوژمی حەزەکانی ئەوان وەک لاوێکی یاخیبوو، نەک تەنها ئەمەش بەڵکو چیرۆکی خۆشەویستی نێوان دایکو باوکیشی بەشێکن لە دەوڵەمەندکردنی بەهرەی ڕۆمان نووسینی هەر خودی مارکیز خۆی ئەڵێ :مێژووی ئەم خۆشەویستی یە رەگ لە خاکا چەقیوە یەکێک بوو لەو شتانەی کە هەمیشە کاتێک کە لاو بووم جێی سەرسوڕمانم بوو. هەروەها ئەم گێڕانەوە و ئەم خۆشەویستیە پاڵی پێوە ئەنێ کە لە تەمەنی 27 ساڵیدا رۆمانی ((تۆفانی گەڵاکان)) بنووسێ: هەروەها ئەڵێ باوکم و دایکم ئەوەندە ئەم بەسەرهاتەیان بۆ گێڕاومەتەوە کە هەموو کون و کەلەبەرەکانیم لەبەرە ، هەروەها ئەڵێ بە هۆی چیرۆکەکانیانەوە وام لێ هاتبوو سنووری نێوان ژیان و شیعرم ون کردبوو، دواجار لەدوای تەمەنی پەنجا ساڵیدا لە ڕۆمانی ( خۆشەویستی لە سەردەمی دەردە کۆلێرەدا ) بڕیارمدا سوود لە گێڕانەوەی ئەوان وەربگرم. حاڵەتی خۆشەویستی پەیوەندی ناسکی مارکیز لەگەڵ رەگەزی ئافرەتدا دیسان بۆ ئەو پەیوەندیە خێزانیە دەگەڕێتەوە کە باسی ئەکات ، **ماتیلدا ئارمێنتا** و دایکی و خوشکەکانی و داپیرەی ئەکات کە چۆن ئەو هەستەی لا دروست کردووە کە سڵکردنەوەی لە ئافرەت سڵکردنەوەیەکی تایبەت بێت، هەروەها باسی **تیرینیداد** ئەکات ئەمەش کچی ئەو ژنە بوو کە لە ماڵی مارکیز کاری ئەکرد، یان **ماتیلدا ئارمینتا** ئەو ژنەی کە جل شۆر بوو،ئەمانەو زۆر ئافرەتی دیکە لە بەسەرهاتی ژیانی مارکیز زۆر بە بەربڵاوی باسکراون، ئەمە سەرەڕای ئەو پەیوەندیانەی کە لەگەڵ ئافرەتە پیاودارەکاندا هەیبووە، تەنانەت گەیشتووەتە حاڵەتی ئەوەی ژیانی خۆی بخاتە مەترسیەوە.

بەسەرهاتێکی دیکە لە ژیانی مارکیز هەبووە کە پەیوەستداربووە بە ژیانی باپیرەیەوە ،کاتێک کە باسی کەسایەتی باپیری ئەکات ئاماژەیەک ئەکات بۆ موچەی تەقاعودی ، پێم وایە رۆمانی (( کۆلۆنێل هەرگیز نامەی ناگاتە دەست )) سەرچاوەکەی ژیانی باپیرێتی ، ئەنووسێ ئەڵێ : (( هەرگیز جل وبەرگی سەربازی نەپۆشیبوو ( واتە باپیرەی ) لەبەر ئەوەی پلەوپایەکەی شۆڕشگێڕانە بوو ئەکادیمی نەبوو، بەڵام پاش جەنگیش بە ماوەیەکی زۆر هەر چاکەتی پڕ لە گیرفانی ئەپۆشی ، کە ئەو کاتە لە نێوەندی جەنگاوەرە کۆنەکانی **کاریبی** مۆدەی بوو. هەر لە دەرچوونی یاسای تەقاعودی جەنگ ئەو ئەو ئیستمارە پێویستیانەی پڕ کردەوە بۆ ئەوەی تەقاعودی بدەنێ . خۆی و ژنەکەیی و میراتگرە نزیکەکانی بەردەوام هەتا مردن چاوەڕوانی ئەو تەقاعودیە بوون. **ترانکیلیینا**ی داپیرەم کە دوور لەو خانووەو بە کوێری و داماویی و پەککەوتەیی ونیوە شێتیکۆچی کرد، لە دوایین چرکە بێداریەکانی پێی ووتم: "" بە دڵنیاییەوە ئەمرم ، چونکە ئەزانم ئێوە مەعاشی تەقاعودیەکەی **نیکۆلاسیتۆ** هەر وەرئەگرن"".

شاری (**ماکۆندۆ**) ئەو شارە خەیاڵەی کە مارکیز لە هیچ بۆنەیەک ناتوانێت لە بیری بکات لەم بەسەرهاتەشیدا جێگایەکی داگیرکردووە،هەرچەندە ئەم شارە لەسەر نەخشەی ئەمریکای لاتیندا بوونی نیە ، بەڵام ئەکرێ بڵێین مەملەکەتێکی تایبەتە بە خودی مارکیز ، لەسەر نەخشەی کۆلۆمبیادا **ئەرکاتاکا** هەیە ئەویش ئەو شارەیە کە لە زۆر رووەوە لە ماکۆندۆی مارکیز ئەچێت. بۆیە کەسێک لە بارەی دانیشتوانی شاری ئەرکاتاکا بخوێنێتەوە ئەبینێ

کەسانێک هە ن کە ئێستاش خۆیان بەکەسانی نێو رۆمانەکەی مارکیز ( سەد ساڵ دوورەپەرێزی ) ئەخوێنینەوە، هەر لە ریپۆرتاژێکی رۆژنامەنووسیدا لەژێر ناونیشانی گابۆ باس لەوە ئەکات کەسێک بە ناوی **ئێلفیرا فیلسۆن** ەوەخەڵکی جامایکایە کە تەمەنی 102 ساڵە وتبووی کە **پیلار تێرنیرا** کە لای ئەو **ئۆرلیانا بیوندیا** کچێتی خۆی لەدەستدابوو رەنگە ئەو کەسە ئەو بێت. لە چایخانەیەکدا کابرایەک دانیشتبوو بە رۆژنامەنووسەکەی وتبوو ئەو ئیتاڵیایەی کە مارکیز لە رۆمانەکەیدا باسی کردووە منم. گەر تەماشای مێژووی شارەکەی مارکیز بکەین هەموو شتێکی تێدا ئەبینین هەر لە گەیشتنی کۆلۆنێل و خێزانەکەی بۆ ئەو شارە تا پەیدابوونی دکتۆرو شەڕی هەزار رۆژە،، پاشان تاقە نامەیەک کە لە **ئویرلیانۆ بیوندیا** بەسە بۆ ئەوەی کە کۆلۆنێل لەماڵەکەیدا میواندارى غەریبان بکات، پاشان لە ماوەی سی ساڵدا گەورەترین گەشەکردن بەخۆیە ئەبینێ ئەو گەشەکردنەش لە دەرەوە هاتبوو وەک کۆمپانیای مۆز تا ئەگاتە نوقومبوونی لە ژێر ئاودا. بەمجۆرە ئەم شارە سیمبولیەی مارکیز بریتی بوو لە مێژووی گەشەکردنی مرۆڤ و مێژووی تەکنەلۆژیاو پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی ئەمریکای لاتین. لە بیرەوەریەکانیشی بەم شێوەیە باس لە ماکۆندۆ ئەکات: (( شەمەندەفەرەکە لە وێستگایەکی **بێ گوندا** وەستا. پاش ماوەیەکی کورت بە لای کێڵگەیەکی تاکوتەنیا کە لەسەر ئەو رێگایەدا بوو تێپەڕی ، کە لەسەر دەرگاکەی ناوی کێڵگەکە نووسرابوو ئەو ناوە سەرنجی راکێشام: **ماکۆندۆ**. ئەم ووشەیە هەر لە یەکەمین سەفەرم لەگەڵ باپیرەم سەرنجی راکێشابووم ، بەڵام تێبینیم نەکردبوو تا گەورە بووم ، ریتمە شیعریەکەی ئەو وشەیە رامئەکێشێ بۆ لای خۆی . ئەم ووشەیەم لە زاری کەس نەبیستبوو کە وتبێتیەوە. منیش نەمپرسیبوو ئەم وشەیە چ مانایەکی هەیە. لە سێ پەرتووک لە پەرتووکەکانم ئەو وشەیەم وەکو گوندێکی خەیاڵی بەکارهێناوە ، کاتێک بە رێکەوت لە ئینسکلۆپیدیایەک زانیم ئەو وشەیە ناوی درەختێکی ئیستوائیە لە درەختی **لۆکەدرۆزنانە** ئەچێت، ئەم درەختە بێ بەرە و گوڵیش ناگرێت، دارە ئیسفەنجیەکەی بەسوودە بۆ دروستکردنی بەلەمی **کانوا** ( ئەمەش جۆرە بەلەمێکە خەڵکە ئەسڵیەکان پێش هاتنی ئیسپانیەکان بەکاریان ئەهێنا..) هەروەها سوودی لێ وەرئەگرن لە هەڵکۆڵینی شتومەکی چێشتخانە. لە پاشان لە ئینسکلۆپیدیایەکی بەریتانی ئەوەم دۆزیەوە کە لە **تەنجانیکا** هۆزێکی کۆچەری هەن ناویان ماکۆندۆیە ئەو کاتە بیرم کردەوە وتم رەنگە ئەم ناوە لە بنەچەدا لەوەوە هاتبێت. بەڵام هەرگیز بەدوویدا نەچووم و ئەو درەختەشم هەر نەبینی، لە ناوچەکانی مۆز زۆرم دەربارەی ئەو درەختە پرسی ، کەسێک نەبووم لەو بارەیەوە شتێکم پێ بڵێت. ئەگەری ئەوەش هەیە کە ئەو درەختە هەر بوونی نەبێت.))
ئەو کتێب و نووسەرانەی کە مارکیز بە زۆری باسیان ئەکات بریتین لە شیعرەکانی نێرۆداو کتێبی هەزارویەک شەو وکتێبی شاعیرانی ئیسپانی کۆن و ولیام سارۆیان و ئەلفۆنسۆ رییەیس و رۆمیۆلۆ گالەگۆس ( شاعیرو سیاسەتمەداری فەنزوێلایی ساڵی 1969 کۆچی دوایی کردووە) ، رۆمان گۆمیۆس دیلا سیرنا( نووسەری ئیسپانیی لە 1888 لەدایک بووە و لە 1963 کۆچی کردووە، بەوە بە ناوبانگ بووە کە خاوەنی زمانێکی خۆشئامێزوو گاڵتەجاڕانە بووە لە نووسیندا) هەروەها نووسەری ئۆرۆگوایی گران پیورتاو دیل ریلۆژو یۆرگا لیوس بۆرخیس ، یولیۆ کۆرتازار، ولیام ئیریش ، فۆڵکنەر،دیۆستۆفسکی ( بەتایبەت کتێبە بەناوبانگەکەی "لێکچوو" ئەو کتێبە گەلێک سەرنجی مارکیزی راکێشابوو) هەروەها یۆلیۆسیس ی جێمس جیویس، کافکا ...ئەندریە جید.. ئەمانەو کۆمەڵێ نووسەری دیکەش کە مارکیز لە ژێر کاریگەریاندا بوەو کتێبەکانیی خوێندونەتەوە.
ئەوەی لە گێڕانەوەی ژیانی مارکیزدا جێی سەرنجە ئەو بۆشاییانەیە کە هەرگیز نەیتوانیوە بە خالی بوون بەجێیان بهێڵێ، ئەویش ململانێ کردنی بووە وەک ڕۆمان نوسێ لەگەڵ رۆژنامەگەری و نووسیندا ، ئەو یەکەمین جار بە کاری رۆژنامەگەری دەستی پێ کردووە، هەروەها وەک خۆی ئەشڵێ شاعیرێک و وتاربێژێکی چاکیش بووە هەروەها خەڵاتیش کراوە لەو بوارانە ، هەرچەندە لەسەرەتادا خەونی بووە کە ببێ بە رۆژنامەنووس بەڵام پاشان ئەم کارە لای ئەبێتە کارێکی بێزارکەر ،( ئەبوایە بیست و چار سەعات

لەبیرکردنەوەبم کە چی ئامادەبکەم) ئەمە خۆی ئەڵێت ، یەکەمین کاری نووسین رۆژنامەگەری لە رۆژنامەی **el universal** کەسەرەک نووسەرەکەی **کلیمێنتە مانۆیل زەبالا** بوو ، ئەم کابرایە دەستێکی بالآیی هەبووە لە یارمەتی دانی مارکیز هەروەک لە بەسەرهاتەکەیدا دەرئەکەوێت، لەو کارەشیدا ئاماژە بە دوو ناوی دیکەش ئەکات کە پێ دەچێت کاریگەریان بەسەریەوە بووبێ ئەویش ئەلفۆنسۆ فیونمایۆر ، ئەلفارو سیپیدا سامیودیۆ.

کارکردنی لە بەشی تەحریری رۆژنامەی **el Heraldo** هەروا بێ سەریەشە نەبووە ئەمە سەرەرای ئەو شەپۆلە نووسینانەی کە بەردەوام بەرهەمی ئەهێنا ئەو لەو رۆژنامەیە رۆژانە کۆلۆمێکی هەبووە بە ناونیشانی ( زەرافە).. ئەوەی ئەم کتێبە بخوێنێتەوە هەست ئەکات کە ژیانی ڕۆژنامەگەری و ڕۆمان نووسی ئەم کابرایە ئەوەندە تێکەڵی یەک بوون هەست ئەکەیت کە بەشێکی زۆری کاتەکانی سەرەتاکانی نووسینی لەگەڵ ڕۆژنامەگەریدا خەریک بووە تا لەگەڵ نووسینی رۆماندا ، لە ئەزموونێکی خۆیدا دەربارەی نووسینی : ( کاتژمێری شووم)ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو ( کاتژمێری شووم)ەی کە سێیەمین رۆمانێتی لە پاش بیست ساڵ نووسیوە . هەروەها ئەوەش دەڵێت کە ئەو راستیانەی کە لە رۆمانەکەدا باسی کردون لە واقیعەوە یەکسەر گوێزاویەتیەوە ئەوانە زیاتر جێگای سەرنجن لەوانەی کە خۆی دایهێناوەو دروستی کردوون.لێرەشدا باسی رووداوی ئەو بلآوکراوانە ئەکات ، کە دەربارەی ئابڕوبردنی هەندێ لە ئافرەتان بلآو ئەکرایەوە کە ئەو کاتە لە ناوچەکەیدا هەندێ گرفتی خوڵقاندبوو، ئەم بلآوکراوانەش لە لایەن کەسانێکەوە بلآوئەکراونەوە بۆ ئابڕووبردنی هەندێ ناوو خێزان ، بۆیە مارکیز بڕیار ئەدات لەو بارەیەوە رۆمانێ بنووسێت ، کە ئەویش رۆمانی (( کاتژمێری شووم)) ە، هەروەها لە شوێنێکی تردا ئەڵێ : ئەو دروستکردنە پێویست نەبوو لەبەر ئەوەی من هەمیشە زیاتر ئارەزووم لە رووداوە کۆمەلآیەتیەکانی قوربانیەکانە تا لە رووداوە شەخسیەکانیان. پاش ئەوەی ڕۆمانەکەم بلآوکرایەوە بیستم کەوا لە گەڕەکەکانی دەوروبەری شار، ئەو جێگایەی ئێمە وەکو کەسانێکی دانیشتوانی سەنتەری مەیدان ئەوندە ئێسکمان سووک نەبوو بیستم کەوا زۆر بلآوکراوە لەوێ بوون بە هۆی ئاهەنگ گێران. هەرچەندە من لە راستیدا وەک خاڵی دەست پێکردن سوودم لە بلآوکراوەکان وەرگرتووەبۆ دەستپێکردنی چیرۆکەکەم. هەروەها لە بارەی نووسینی ئەم رۆمانەوە ئەڵێ : هەمیشە وام ئەزانی کە هاوسەرەکەی Nigromanta ئەکرێ مۆدێلێکی باش بێت بۆ پارێزگایەکی سەربازیانە لە ڕۆمانی ( کاتژمێری شووم)دا، بەلآم لە کاتێکدا من ئەوم وەک کەسایەتیەکی نێو نووسین داهێنا ، کەچی ئەو وورده ورده وەک مرۆڤێ سەرودڵی یەخسیر ئەکردم, بەلآم هیچ هۆیەکم لەبەر دەست نەبوو تا بیمرێنم، لەبەر ئەوەی گەیشتمە ئەو راستیە کە نووسەری جدی، نابێ بە بێ پاڵپێوەنەرێکی رازیکەر کەسایەتی نێو نووسینەکەی بکوژێ، هەروەها ئەبێ لەو کاتەشدا کوشتنەکەی رازیکەربێت.

مارکیز رۆمانی ( کاتژمێری شوومی) لە پاریس کاتێک لە ژوورێکی کە ناوی ناوە ژووری قوتابیان لە چواررای لاتین لە پاریس نووسیوە ، پاش ئەوەی زانیم کە رۆمانەکە تەواو بووە ، هەموو لاپەڕەکانم لوول کردوو ، هەر هەموویم بەیەکێک لەو سێ ملپێچە پێچایەوە کە لە کاتە چاکەکاندا بەکارم ئەهێنان ، پاشان لە ژێرەوە لە نێو کانتۆری جلەکان شاردمەوە.

(پاش دوو ساڵ لە **Sta-Mexico** ˇ کاتێک پێیان ووتم کەوا ڕۆمانەکە بۆ بەشداری کردن لە پێشبرکێی ئەدەبی بۆ خەلآتی **Esso Colombia** بنێرم.) مارکیز لەبارەی ناردنەکە ئەڵێت ئەو کاتە ڕۆمانەکە لە ڕێی هاوڕێیەکی فۆتۆگرافیەوە کە ئەو کاتە لە پاریس ئاگاداری ڕووداوی نووسینی ڕۆمانەکە ئەبێت ، بۆی ئەپارێزی ئەویش ڕۆمانەکە ڕەوانە ئەکات ، لە پاشان لە 16 ئاپریل 1969 خەلآتی سێ هەزار دۆلاری ئەبێ بە نسیب.

هەروەها مارکیز لە بارەی کاریگەری ئەوانەی کە وایان لێ کردووە رۆمان بنووسێت دەست بۆ نووسەرە ئەمریکیەکان درێژ ئەکات: ( ئەو نووسەرانەی کە زیاتر لە هەموو کەس پاڵیان پێوە نام کە رۆمان بنووسم رۆماننووسە ئەمریکیەکان بوون بە تایبەت هاورێکانم کتێبەکانی ئەو نووسەرانەیان لە **بارانکوالا**وە بۆ **سوکرە** بۆ ئەناردم). پەیداکردنی ناووناوبانگ بە رادەی داهێنان بۆ مارکیز گرنگتر نەبووە، هەربۆیە زۆربەی بەسەرهاتی ژیانی بریتیە لە ململانێ لەگەڵ ژیان بۆ ئەوەی بژی و بنووسێ ، هەرچەندە نەخشەی داهێنان لە ململانێ کردنەوە دەستی پێ کردووە.

هەندێ حەتمیەت هەن لە زۆر رووداوەکانی نووسین و ژیانیدا دووبارە ئەبنەوە بۆ نموونە : ئەو حەتمیەتانەی کە هەرگیزیەکی بنبڕ لە پشتیانەوەیە بۆ نموونە : کۆلۆنێڵ هەرگیز نامە ناگاتە دەستی ( یەکێکە لە رۆمانەکانی) .. هەروەها ئەو کورەی کۆلۆنێل کە هەرگیز لە دایک نەبووە، یاخود **NY** ئەو کیژە رۆیشتووەی کە من زۆر جار لە دەرگاکەیم دابوو بەڵام هەرگیز نەیکردبۆوە. مەسەلەی حەتمیەت و نەگەیشتن و نەبوون، شێوەیەکە لە نائومێدی کۆمەڵگا هەژارەکان ، کە ئەمەش بە جوانی لە کارەکانی دا بەدی ئەکرێت. هەروەها کاتێک باسی ماڵەکەی خۆیان ئەکات لە **کارتاخینا** ناوی لێ ئەنێت ماڵی خێو ، ئەو لەبەسەرهاتی ژیانیدا باس لەو ماڵە ئەکات کە لە **El Toril**ە، ئەو ماڵەی کە شەوان خێوی ئافرەتێک تێیدا دەرئەکەوت. هەر خۆی لە زاری خۆیەوە ئەگێرێتەوە ئەڵێ( ( بە خۆشحاڵیەوە ئەو کاتە من لەوێ نەبووم، بەڵام هەموو ئەو گێرانانەوەی دایکو باوکم براو خوشکەکانم ئەوەندە ترسیان پێ ئەبەخشیم کاتێک کە ئەرۆیشتمەوە بۆ ماڵەوە. دایک و باوکم یەکەمین شەو لەسەر نوێنەکە لە ژوورەکە راکشابوون خریکبوو ئەخەوتن کاتێک بینیبوویان چۆن تارماییەک بێ ئەوەی تەماشای ئەوان بکات لە ژووری نووستنێکەوە ئەچێ بۆ ژووری نووستنێکی دیکە ، تارماییەکە کراسێکی پۆشیبوو لەگەڵ گوڵێچکەیکی سوور، بە قژێکی کورتەوە کە لە پشتی گوێکانیەوە بە تەوقەیەک بەستبوونی)). هەروەها مارکیز ئەنووسێ: ( **مارگۆتی** خوشکم شەوێک لە خەو بێدار ئەبێ و ئەبینێ ئەو ئافرەتە خێوە لە کەناری نوێنەکەی دانیشتووەو بە نیگایەکی وردو تیژەوە تێی ئەڕوانێ)).. (( ئەو یەک شەمەیە لە بەردەرگای هاتنەدەرەوەی نوێژی کڵێسەدا ئافرەتێکی دراوسێی دایکم بینی جەختی کردبوو کەوا ساڵانێکە کەس لەو خانووە نەژیاوە ، ئەویش بەهۆی ئامادەییە بێ پەروایەکەی ئەو خێوەژنە. رۆژێکیان لە نیوەرۆدا کاتێک خێزان خەریکی نانخواردن ئەبن خێوەکە دەرئەکەوێ، بۆ رۆژی دوایی دایکم لەگەڵ هەردوو منداڵە بچووکەکەی رۆیشت بە دووی خانوویەکی تردا گەڕا لە ماوەی چوار سەعاتدا خانوویەکی دیکەی دۆزیەوە.)) . لە رۆمانی (( سەد ساڵ دوورەپەرێزی )) ، (( مێژووە نابڕواو پڕ ئازارەکەی ئەرێندیرای بێ تاوان و داپیرە دڵرەق و شەیتانەکەی )) کۆمەڵێک رووداو ئەبینین کە پڕاوپڕ نزیکن لەو رووداوە کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژیانەی خودی مارکیز لە ماڵ و نێو گەرەکەکەی خۆیەوە هەڵیهێنجانووە هەروەک شەڕوخوێن و تۆڵەو شەرەف سەندنەوەو ماندوویێتی پەیداکردنی گۆرانەکانی رۆح ...هەر لە کتێبەکەیدا ژیام بۆ ئەوەی بیگێرمەوە باسی هەندێ بەسەرهاتی راستەقینە ئەکات لەبارەی کوشتن و رووبەڕووبوونەوە لەسەر ئابڕوتکان.

گەر بڕوانینە مێژووی نووسینی رۆمانی مارکیزو بەراوردێک بکەین لە نێوان داهێنانەکانیدا هەست بەوە ئەکەین کە ژیانی کۆمەڵایەتی پێش هەموو شتێک بەهرەی نووسینی سیحرئامێزی پێ بەخشیووە بۆ نموونە لە رۆمانەکانێدا باس لەو مرۆڤانە ئەکات کە تەمەنی ئاسایی ناژین ، ئەو ژنانەی ئەبنە فریشتەو ئەفڕن، ئەو دیکتاتۆرانەی لە خوێن رژان تێر نابن، ئەو شارانەی زۆر لە خەیاڵی ئەچن تا واقیع، ئەو ئامێرانەی کە لە تەمەنی ئاسایی خۆیان زێدەتر بەردەوامن لە کارکردن، ئەو ژەنەراڵانەی پاش ساڵانێکی دوورودرێژی تاوان لە هاوینگەکانیان رائەبوێرن ـ، ئەو گوندانەی ئەبنە مەیدانی شەڕی سەربازی و گەریلاکان ، ئەو خۆشەویستیانەی هەر زوو ئەخەسێنرێن....هتد.

کەسێکی وەک مارکیز کە هەرگیز ئەندامی هیچ پارتێک نەبووە هەروەک خۆی ئەڵێت ( ئەو ڕاستیەی کە من هەرگیز ئەندامی هیچ پارتێک نەبووم، نە ئەو کاتەو نە ئێستاش.) بەڵام لە کارە ڕۆژنامەنووسیەکانیدا گەلێک خۆی لە قەرەی وتاری سیاسی لەسەر ڕووداوە سیاسیەکان داوە ، تەنانەت بەشداری خۆپیشاندانەکانی کردووەو زیندانیشی بینیووە.( لەبەر دەرگای چوونە دەرەوەی سینەمادا بە هۆی دەفتەرێکی سەربازی ساختەوە کە لە گیرفانمدا بوو دەستگیریان کردم، خرامە نێو لیستێکەوە لەوانەی کە ئەکەونە بەر سزادان بەهۆی تێکدانی بارودۆخی ئاسایشی گشتی..)هەروەها باس لەو سانسۆڕانە ئەکات کە بەردەوام لەلایەن دەزگا دەوڵەتیەکان و سەربازیەکان خراواتە سەر ڕۆژنامەو نووسینەکان. دیارە ئەو ڕژێمەی مارکیزی تێدا پەروەردە بووە هیچی کەمتر نەبووە لەو ڕژێمە دیکتاتۆریانەی کە دەست لە هەموو کونوکەلەبەرێکی ژیانی خەڵکی وەرئەدەن، سەرەرای هۆکاری هەژاریکردنی خەڵکی هۆکاری سەرکوتکردنیشن. لە زۆر شوێنی گێڕانەوەی بەسەرهاتی ژیانیدا باس لە مێژووی شەڕی ناوخۆی کۆلۆمبیا ئەکات ، هەروەک شەڕی نێوان کۆمۆنیست و پارێزگاران ، شەڕی نێوان سەربازان و دیموکراتیخوازان ، شەڕی گەریلاکان . لە شوێنێکدا بەسەرهاتی کاری ڕۆژنامەگەری خۆی ئەکات جەنگێکی نێوان سەربازی دەوڵەتی و گەریلاکان باس ڕووداوێک ئەکات کە لە ناوچەی**villarrica** کە سەدوسی کیلۆمەتر لە **بۆگۆتای** پایەتەختەوە دوورە باس لە ڕووبەڕوبونەوەیەک ئەکات لەنێوان گەریلاکان و سەربازان ، ئەم لەگەڵ وێنەگرێک بە هێلیکۆپتەری دەوڵەتی ئامادەی بەسەرهات و ڕووداوەکە ئەبێت ، هەروەها بەچاوی خۆی ئەو تەرمانە ئەبینێ کە بە کوژراوی بەبەردەمیا تێئەپەڕێ، ئەمە سەرەڕای ئەوەش کە زۆربەی زۆری بەسەرهاتە ڕۆژنامەگەریەکانی بە دەوری مەسەلە رامیاریەکانی سەردەمی خۆیدا ئەسوڕێتەوە. هەروەها ئاماژەش بە پەیوەندیەکانی خۆی ئەکات لەگەڵ کەڵە نووسەرانی ئەو سەردەمەی کۆلۆمبیاوناوچەکەو چاوپێکەوتنەکانی لەگەڵ گەورە ئەفسەران و سەرۆکەکانی وەک فیدل کاسترۆو ڕووداوەکانی ڕاپەڕینی قوتابیان .

بەکورتی کتێبی بەسەرهاتی ژیانی مارکیز ،هەروەک وەرگێڕەکەی بۆ سەر زمانی هۆڵەندی ئەڵێت هونەرمەندانەترین پۆرتریتی تاکەکەس گابریال گارسیا مارکیز خۆیەتی.

لجح..................................................................................................................

بۆ نووسینی ئەم بابەتە سوود وەرگیراوە لە :

Gabriel Garcia Marquez, Leven om het te vertellen…….Uit het Spaans vertaald door-1 Aline Glstra van Loon, Mariolein Sabarte Belacortu, Arie van der Wal, Mieke Westra….
Meulenhoff Amsterdam 2003

Gabriel garcia Marquez..red. : Daan Cartens... medew. : august Hans den boef-2
Bzztoh, 1990…80 p

3-وێنەکەی سەرەوە بەرگی کتێبی( ژیام بۆ ئەوەی بیگێڕمەوە ) بە زمانی هۆڵەندی

[1]**گابریل گارسیا مارکیز نووسەرێکی کۆلۆمبی یە ساڵی** 1927 **لە دایك بووە ساڵی** 1982 **خەلاَتی نۆبڵی لە ئەدەب دا وەرگرتووە زیاتر لە** 25 **پەرتووکی نووسیووە ، لەوانە**:

1. **کاتژمێری شووم**(ڕۆمان)
2. **سەد ساڵ دووره پەرێزی** ( **ڕۆمان**)
3. **کۆلۆنێل هەرگیز نامەی ناگاتە دەست** (ڕۆمان)
4. **مێژووە نابڕواو پڕ ئازارەکەی ئەرێندیرای بێ تاوان و داپیرە دڵرەق و شەیتانەکەی**( **چیرۆك**)
5. **ناشتنی دایە گراندا** ( **ڕۆمان**)
6. **پایزی باوك سالاری** ( **ڕۆمان**)
7. **چاوەکانی شینە سەگێك** ( **چیرۆك**)
8. **بەسەرهاتی مردنێکی ئاشکرا**(ڕۆمان)
9. **سکێچی کەنار دەریایەك** ( **نووسینی ڕۆژنامەگەری**)
10. **نووسەرێك لە بۆگۆتا**( **نووسینی ڕۆژنامەگەری**)
11. **پاڵەوانی کۆلۆمبیا** ( **نووسینی ڕۆژنامەگەری**)

12. **چیرۆكی نووقومبوونی كەشتیەك( نووسینی رۆژنامەگەری)**
13. **رفاندن ( سكریپتی فلیمێك)**
14. **خۆشەویستی لەسەردەمی دەردە كولێرەدا ( رۆمان)**
15. **ژەنەراڵ لە پێچ و پەناكانی ( رۆمان)**
16. **دەریای چیرۆكە ونبووەكانم ( چیرۆك و لێكۆڵینەوە)**
17. **دوازدە چیرۆكی ئاوارە**
18. **دەربارەی خۆشەویستی ئەهەریمەنەكانی دیكە( رۆمان)**
19. **هەموو چیرۆكەكان** 1947–1982
20. **ژیام بۆ ئەوەی بیگێڕمەوە**
21. **بیرەوەری سۆزانیە غەمبارەكانم**